# پەیڤێک لە یادی شاباڵێکی ڕابوونی ئیسلامیدا

**لەیلا عەلی عەبدولعەزیز**



ژیان جوانە بەڵام کاتێك خەمێك دێت هەموو جوانیەکانت لێ دەسێنێتەوەو وەك بڵێی هەرگیز خۆشیت لەو ژیانە نەدیبێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو خەمە خەمی لە دەستدانی کەسێکی خۆشەویستت بێت، خەمێك ئەوەندە قورس بێ کەم دڵ بەرگەی بگرێ مەگەر دڵێك قالبو بە زیکری خوا بتوانێت بەرگەی بگرێتو سەبوری خۆی بدات، جا ئەو کەسەش زانا بێتو بە لە دەستدانی بۆشاییەکی وەها جێبهێڵێت زۆر ئەستەم بێ پڕ کردنەوەی.

زۆر سەنگینە شان دانە بەر لە دەستدانی کەسێکی وا بە ڕۆشتنی کەلێنێکی فراوانو برینی قوڵی بێ سارێژ بەجێبێڵێت، بە تایبەت لە ساتو کاتێکی وەهادا ئیسلامو ڕابوونی ئیسلامی موحتاجی ئەوان بنو بە بێ ئەوان ڕۆحی ئیمان گەشە نەکا، باڵا نەکا سەختە بژی، ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی سەری ساڵی زایینیو سەری ساڵی کۆچی دەکەینەوە قورسایی خەم دامان دەگرێو موچڕکە بە گیانماندا دێ چونکە یادی لە دەستدانو کارەساتی لە دونیا دەرچوونی زانای پایەبەرزو موفەسیرو سەرکردەیەکی موجاهیدی وەك (مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود)ە کە دووساڵ لەمەوبەرو لە بەرەبەیانی دوای ئەداکردنی نوێژی بەیانیو خوێندنی زیکرەکانو تێڕامان لە دەستنوسی تەفسیرەکەی (ڕامان) گیانی پاکی بە خوا سپاردو لەو کاتە پیرۆزەدا ڕۆحی پیرۆزی دەرچوو ئێمەی موسوڵمانانی بە کۆمەڵێك خەمەوە بەجێهێشت، خۆی گەیشتە ئەو بەڵێنانەی پەروەردگار کە لە دونیا کاری بۆ کردو بۆ ئەو ژیا.

بەڵێ خوای گەورە منەتی زۆرە بە سەرمانەوە بە تایبەت بەسەر ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور چونکە چەندین

زانای عەمامە پاکو ڕاستو بۆ خوا ژیاوو ماندونەناس بۆ دینو گەلیو هۆزەکەیانی تێدا هەڵکەوتووە، کە زۆر سەختیو زەحمەتو ژیانی کوللە مەرگییان چەشت لەپێناو گەیاندنی بانگەوازەکەیانو ئەو ئەمانەتەی لەسەر شانیان بووە بۆ ساتێك درێغیان نەکردو نەوەستان، بۆیە دەبێت ئێمەش وەك وەفایەك بۆ ئەو ماندووبوونەیان ڕێبازە ڕاستەکەیان بەرنەدەینو ئامۆژگاریەکانیان کە پڕ بوون لە وتەی جوانو لە ڕەفتاری خۆیاندا ڕەنگی دەدایەوە بگرینە گوێو إنشاءالله ببینە سەربازو درێژە پێدەری ئەو ڕێگایەی ئەوان بڕییان خوایان لە خۆیان ڕازی کردو دونیایان کردە مەزاری ئاخیرەتیان چونکە بەڕاستی قەرزاری ئەوانین نابێ ماندوو بوونو هەوڵەکانیان بە هەدەر بدەین لە دونیادا با بەرۆیشتنیان مەشخەڵەکانیان نەکوژێتەوە.

مامۆستا ئەحمەد گیان تۆش یەکێکیت لەو مامۆستایانەو هەردەم ئامۆژگاریەکانت لە گوێماندا دەزرنگێنەوە، هەمیشە دەتفەرموو (نەپسێن) ماندوو نەبن نائومێد مەبن دەرئەنجام هەر بۆ ئێمەی موسوڵمانە ئەگەر ڕاست بکەین لەگەڵ خوا، لەوپەڕی نائومێدیو ناڕەحەتیدا بەم وتەیە وزەت دەدایە بەرمان، ئەوا ئێمەش ناپسێین هەروەك ئێوە نەپسانو ئەو هەموو تەنگو چەڵەمەو ناڕەحەتیە هاتە ڕێتان هەر بە بەرزی مانەوەو چۆکتان دانەداو ملتان دانەنەواندو بۆ دنیا دەستتان لە دین بەر نەداو هەموو نەهامەتیەکتان چەشت تەنها لەپێناو خواو دینەکەیدا، خۆتان نەدۆڕاندو سەرتان نەوی نەکرد بۆ خۆشی ژیانێکی کەم بایەخو کەم خایەنی دونیا.

مامۆستا گیان هەر کات دەتبینین دەتفەرموو (بنوسن) بە قەڵەم پەیامەکەتان بگەیەننو هەواڵی نوسینەکانت دەپرسی هانت دەداین بۆ نوسین، هەروەك خۆت تا کۆتایی تەمەنت نوسیتو تا لە ژیاندا بوی چەكو قەڵەمت وەك یەك گرتە دەستو دەست لە هیچ کامیان بەرنەدا، هەروەك ئێستە بەرهەمەکەت دەبینین جگە لە کتێبە بەنرخەکانت تەفسیرە جوانە ناوازەکەشت کەوتە بەر دیدەمان کە إنشاءالله دەبێتە چرای قیامەتو (سەدەقەی جاریە) بۆت.

خوای گەورە جێگات پڕ بکاتەوە بۆ ئیسلامو موسوڵمانانو ئەولادەکانت ببنە درێژەپێدەری ڕێبازەکەت تەفسیرەکەشت بکاتە مایەی هیدایەتی گەنجانو لاوانی کوردزمان کە هەمیشە خەمخۆری خۆیانو دینو ڕەوشتیان بوویت.


ahmadkaka.com